# قەڵەمەكانمان نافرۆشین

"چەند تێبینییەك لەسەر پڕۆژە یاسای ڕاگەیاندن لەهەرێمی كوردستاندا"

**ڕێبین فەتاح**

لە یادی 109 ساڵەی ڕۆژنامەنووسی كوردیدا، لەگەڵ ژمارەیەك لە ڕۆژنامەنووسانی گەنج، وەك نارەزایی دەربڕینێك بەرامبەر ئەو پاشاگەردانییەی بواری ڕۆژنامەنووسی لە كوردستاندا، بەیاننامەیەكمان بلاوكردەوە، كە لەزۆربەی كەناڵەكانی ڕاگەیاندندا ئاماژەی پێدرا، لە سایتێكی ئینگلیزیدا بۆ بەیاننامەكەی ئێمە، ئەو ناونیشانەی سەرەوە بەكار هات بوو"قەڵەمەكانمان نافرۆشین"، ئیدی ئەو ناونیشانە لەوێوە هاتووە.

لەو وتارەمدا دەمەوێت ئاماژە بە پڕۆژە یاسای ڕاگەیاندن بدەم لە هەرێمی كوردستاندا، بەڵام ئەو (دا)یەی دوای كوردستان هی خۆمەو لە پڕۆژەكەدا نەهاتووە، ئەمە هەڵەیەكی ڕێزمانییە.

پڕۆژەكە لەلایەن سێ لە مامۆستایانی كۆلێژی ئەدەبیاتی زانكۆی سەلاحەدینەوە بە ناوەكانی(د.مەغدید سەپان، د.ڕەزوان بادینی، مامۆستا ڕەحیم سورخی)یەوە ئامادەكراوەو لە 12 بەشی سەرەكی پێك هاتووە.

بەر لە هەر شتێك ئەو پڕۆژەیە ڕۆژانی 3-2007/6/4 لە وۆرك شۆپێكدا كەخۆم یەكێك بووم لە بەشداربووەكان، ژمارەیەكی زۆر لە ڕۆژنامەنووسان ئامادەی بوون، خستڕایەڕوو، زۆربەی ڕۆژنامەنووسان جەختیان لەسەر ئەوە دەكردەوە كە ئەگەر ئەو پڕۆژە وەك ئەوەی هەیە بڕیاری لەسەر بدرێت، یەكێكە لەو تاوانە گەورانەی بەرامبەر ڕۆژنامەنووسان دەكرێت لە هەرێمی كوردستاندا.

لەڕاستیدا وەك لەناونیشانی پڕۆژەكەدا هاتووە، دەبێت ئەو پڕۆژە یاساییە بۆ گشت بوارەكانی ڕاگەیاندن لەهەرێمی كوردستاندا دارێژرا بێت، بەڵام لە ناوەڕۆكدا ، تەواو پێچەوانەی ئەمەیە، زیاتر گرنگی بە لایەنی ڕاگەیاندنی نووسراو دراوە، ئەگەرچی بەشێكیشی تەرخان كراوە، بۆ یاسای ڕادیۆو تەلەفزیۆن لە هەرێمی كوردستاندا(بەشی یازدەم). بەڵام ئەوەی كێشەیەی سەرەكییە لەو پڕۆژەیەدا ئەوەیە كە هەر جۆرە كەناڵێكی ڕاگەیاندن و بەشێوەیەكی سەربەخۆ باس كراوە، بەبێ ئەوەی خاڵە بنچینەیی و گشتییەكان هەبێت، كە تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندن دەگرێتەوە، پاشان دەكرا لەگەڵ هەر كەناڵێكی ڕاگەیاندن تایبەتمەندێتی ئەو جۆرە كەناڵە لەبەرچاو بگیرێت. جا بۆ ئەوەی زیاتر بەو شێوە گشتییە قسە نەكەم، ڕاستەوخۆ دێمە سەر ناوەڕۆكی پڕۆژەكەو هەوڵ دەدەم ئەوەندەی لە تواناما هەبێت، كەم و كوڕیەكان مادە بەمادەو بڕگە بەبڕگەی پڕۆژەكە دەستنیشان بكەم.

بەشی یەكەمی پڕۆژەكە تایبەت كراوە بە پێناسەی چاپەمەنی و مادەی یەكەم بەو شێوەیە نووسراوە(مادەی 1) كە ئەمە دروست نییەو پێویستە بەو شێوەیە بێت(مادەی یەكەم).

لە خاڵی دووەمی پڕۆژەكەدا، هاتووە"پەیامنێر نوێنەری ڕۆژنامە، گۆڤار، ئاژانسی هەواڵ، ڕادیۆو تەلەفزیۆن، بلاوكراوەی ئەلیكترۆنی یان دامەزراوەیەكە، بەپێی یاسا ئەم سێ بوارەی خوارەوە دەگرێتەوە: 1- پەیامنێری سیاسی 2- پەیامنێری كاروباری كۆمەڵایەتی(ئابوری، یاسایی، هونەری، ڕۆشنبیری، فێركاری، ئەدەبی و وەرزشی..). لەگەڵ خاڵی سێیەمدا. كە بۆ پەیامنێری وێنەگر تەرخان كراوە. لەسەرەتادا هاتووە"بەپێی یاسا ئەم سێ بوارەی ..هتد"، بەڵام كام یاسا؟ پاشان، لە خاڵی دووەمدا بۆ پەیامنێری كاروباری كۆمەڵایەتی لە ناو كەوانەكەدا "فێركاری" هاتووە، ئەمە لە دنیادا پەیامنێرێك نییە، ناوی فێركاری بێت.

لە باسی پێناسەی ڕۆژنامەدا دەبێت سەرلەبەری لەڕووی زمانەوانییەوە دابڕێژرێتەوە، چونكە هیچ مانایەك بەدەستەوە نادات، پاشان بۆچی دەبێت تیراژی ڕۆژنامە دیاری بكرێت؟ ئەمە چ زەرورەتێكی هەیە.

ئەگەر بمانەوێت تەواوی كەم و كوڕییەكانی پڕۆژەكە دەستنیشان بكەین دەبێت سەرلەبەری پڕۆژەكە بنووسینەوە، چونكە خۆی یەكسانە بە كەم و كوڕی. بەڵام ئەوەی گرنگە دەبێت تەواوی پڕۆژەكە لەڕووی زمانەوانییەوە پێداچوونەوەی بۆ

بکرێت، بەتایبەت لەرووی ئەو چەمکانەی بەکارهێنراون، کە بەدەر لەوەی هیچ پێناسەیەکیان بۆ نەکراوەو نەناسێنراون، هێشتا یەکێتی زاراوەو دەستەواژەکانیش پەیڕەو نەکراوە.

بەشی دووەمی پڕۆژەکە(مادەی دووەم) کە دیسانەوە بەهەڵە نووسراوە(مادەی 2)، تایبەت کراوە بە ئەنجومەنی باڵای راگەیاندن کە ئەو بەشە بە هیچ شێوەیەك ناکرێت لە ناو ئەو پڕۆژەیەدا بێت چونکە ئەمە خۆی دامەزراوەیەکی جیاواز دەبێت و پێویستی بە یاسایەکی تایبەت دەبێت بۆ دامەزراندن، بەهیچ شێوەیەك ناکرێت لەگەڵ پڕۆژەی چاپەمەنییەکان تێکەڵ بکرێت، لەبەرئەوەی ئەگەر ئێمە لێرەدا قسەی لەسەر دەکەین مانای ئەوە نییە، کە ئێمە قبوڵمانە لەچوارچێوەی ئەو پڕۆژەیەدا بمێنێتەوە، نەخێر دەبێت بە جیاواز دابڕێژرێت و پەیڕەو بەرنامەی کاری دیاری بکرێت. هەڵەیەك کە لەو بەشەدا کراوە، نووسراوە، بەشی دووەم، لەخوارەوەی ئەوەشدا هاتووە "دەربارەی دامەزراندنی ئەنجومەنی باڵای راگەیاندن"، ئەمە لە ناونیشانی وتارێك دەچێت، نەك بەشێکی یاسایەك، لەبەرئەوە دەبێت وشەکانی "دەربارەی دامەزراندن" لاببرێت، پاشان دەبێت وا بنووسرێتەوە"ئەنجومەنی باڵای راگەیاندن لەهەرێمی کوردستاندا"، چونکە وەك گوتمان ئەوە دامەزراوەیەکی جیاوازەو ناکرێت لەگەڵ پڕۆژە یاسای راگەیاندندا تێکەڵ بکرێت، ئەوەش پەیوەندی هەبێت بەپێناسەی ئەو ئەنجومەنەوە، تا بڵێیت پێناسەیەکی هەڵەو سنورداری بۆ کراوە، کە بە هیچ جۆرێك لەگەڵ ئەرکەکانی دا کەبۆی دیاری کراوە، ناگونجێت، دەتوانین پێناسەکە بخەینەڕوو"ئەنجومەنی باڵای راگەیاندن دەزگایەکی سەربەخۆی دامەزراوە، کار بۆ گەرەنتی ئازادی راگەیاندن و جێبەجێ کردنی پێشبڕکێی ئازادو رەوا لەناو دەزگاکانی راگەیاندن دەکات"، ئەوەی لێرەدا دەردەکەوێت کاری ئەنجومەن رەخساندنی ئازادی راگەیاندنە، کە بە هەڵە "گەرەنتی" بەکارهاتووە، ئەمەش لەگەڵ ئەو ئەرکە بەرفراوانەی بۆ دیاری کراوە، وێك نایەتەوە، ئەوە چ مانایەکی هەیە"ئەنجومەنی باڵای راگەیاندن دەزگایەکی سەربەخۆی دامەزراوە"، ئەگەر مەبەست لە دامەزراوە، موئەسەسی بێت، دەبێت بەو شێوەیە"دامەزراوەیی" بنووسرێت، بەڵام ئەگەر مەبەست لەدامەزراو بێت، کاتێك دەڵێی دەزگا، ئەوە خۆی مانای دامەزراوەیەك دەدات.

بەشی هەرە مەترسیداری ئەو پڕۆژەی ئەنجومەنە لەدیاری کردنی ئەرکەکانی دایە. لە ئەرکی یەکەمدا هاتووە، "چاودێری دەزگاکانی راگەیاندنە تا لە سنوری خۆیان دەرنەچن"، بە چەند وشەیەك دوای ئەمە، "لەسەر ئاستی تەواوی وڵات هاتووە"، کە دەبێت پێناسەی بکرێت، چونکە نازانرێت وڵات کامەیە، مەترسیەکە لەبەشی یەکەمی بڕگەکەدایە، چەمکەکانی"چاودێری کردن، تا لەسنوری خۆیان دەرنەچن"، هەر لە خۆوە گومان دروست کردنە لەسەر رۆژنامەنووسی کوردی، ئەم چەمکانە هەمیشە لەسەر زاری دەسەڵاتن ، دەسەڵاتێك دەیەوێت بەردەوام راگەیاندن تاوانبار بکات، وای نیشاندا کەزیادەڕۆیی کردووە، لێرەوە جارێکی دیکە دەسەڵات شەرعیەت بەو سانسۆرە دەدات کەلە بەرگی چاودێری کردنەوە دەیخاتە سەر کەناڵەکانی راگەیاندن، دەبێت راگەیاندن چاودێری بکرێت، رستەیەکە هەرگیزاو هەرگیز ئەوەی دوورو نزیك پەیوەندی بەراگەیاندنەوە هەیە تاوان یان کوفرێکی گەورەی کردووە، ئەگەر بەکاریبهێنێت.

"ئەنجومەنی باڵای راگەیاندن بەرگری لە زمان و فەرهەنگی کوردی و هەموو هاونیشتمانانی کوردستانی دەکا"، ئەمە ئەرکی دووەمی ئەنجومەنە، بەتەواوی لەگەڵ پێناسەکەیی و لەگەڵ خۆشیدا ناکۆکە، ناکرێت دامەزراوەیەك هەموو هاونیشتمانیانی کوردستان بگرێتەوەو تەنها بەرگری لە زمان و فەرهەنگی کوردی بکات، ئەمە هەم پێشێلکاری یاسایی و هەم دەرماگیری نەتەوەییە، کەهەر خودی ئەو پڕۆژەیە لە بیری ئەوەی تەنها جارێك رەتی بکاتەوە، لە چەندین شوێن بەلادانی دەزانێت لە رێسای رۆژنامەنووسیدا. دیسانەوە لەئەرکی سێیەمدا باس لە فۆرمەلەکردنی پێشنیاز دێت لەسەر راگەیاندن، بەڵام بۆ کێی فۆرمەلە دەکات دیاری نەکراوە. چوارەم ئەرکی دامەزراوەکە، ئەگەر جارێکی دیکە خەبات بچێتەوە شاخ پێویستە، ئەگەرنا زیادەیە. لە خاڵی شەشەمدا هاتووە"ئەنجومەنی باڵای راگەیاندن ساڵانە راپۆرتێك لەسەر بارودۆخی راگەیاندنی کوردستان بەسەرۆکی هەرێم دەدات و هەمان راپۆرتیش بە ئاشکرا نەکردنی نهێنییەکان، لە رۆژنامە رەسمییەکانی کوردستان و دەزگاکانی راگەیاندن بلاو دەکرێتەوە"، بۆ دەبێت ئەرکی ئەنجومەن بێت راپۆرت بۆ سەرۆکایەتی هەرێم بەزبکاتەوەو هەر ئەو راپۆرتە بە"ئاشکرا نەکردنی نهێنییەکان"، لە راگەیاندنەکان بڵاوبکرێتەوە، ئەمەیە بەگری کردن لە ئازادی

رۆژنامەنووسی، مەگەر ئەنجومەن دەیەوێت ببێت بەدامەزراوەیەکی سەر بە سەرۆکایەتی هەرێم یان بانگەشەی سەربەخۆیی خۆیی و کار بۆ رەخساندنی ئازادی رۆژنامەنووسی دەکات. بەگوێرەی خاڵی هەشتەم بۆ ئەوەی ئەنجومەن بێ لایەنی خۆی باشتر بپارێزێت، دوای پێنج ساڵ، بەپێکهاتن لەنێوان حکومەتی هەرێم و ئەنجومەن، بۆی هەیە سەرچاوەی دارایی خۆی بگۆڕێت، ئەو خاڵە بە پلە یەك گومان کردنە لە سەربەخۆیی ئەنجومەن، بەڵام بۆ دەبێت ئەو ئەنجومەنە هەتا پێنج ساڵ بۆی نەبێت یارمەتی دارایی لەلایەنی جیا جیا وەربگرێت، دەکرێت هەر لەسەرەتای دامەزراندنیەوە یارمەتی مادی لەهەر کەس و لایەنێك وەربگرێت بەبێ ئەوەی ئەو یارمەتییە کاریگەری هەبێت بۆ سەر شێوەی کارکردنی ئەنجومەنەکە، هەر وەك لەخاڵی (ب)ی ئەرکی هەشتەمدا هاتووە، بەڵام پێویستە خاڵی(ا) بەتەواوی لابرێت، چونکە ناکرێت لەئێستادا ئەو بڕە پارەیەی کەناڵەکانی راگەیاندن لەریکلام کردن دەستیان دەکەوێت، ئەنجومەن بەشێکی بۆ خۆی گلیبداتەوە، نەك هەر ئەوە دەبێت ئەو ئەنجومەنە دەسەڵات ناچار بکات بۆ هەستانە سەر پێی رۆژنامەنووسیەکی ئازاد تا دەیان ساڵی دیکە پاڵپشتی راگەیاندن بکات.

چۆنیەتی پێکهێنانی ئەنجومەنەکە لەخاڵی(ب)ی مادەی سێیەمی پڕۆژەکە جێکراوەتەوە، ئەگەر خاڵەکانی(1-4)بەتەواوی هەڵنەگیرێن گەورەترین ناهەقی بەرامبەر رۆژنامەنووسان دەکرێت، چۆن دەکرێت ئەو ئەنجومەنە لە (9)ئەندام پێکبێت و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆکی هەرێم ، هەر یەکەیان 3 ئەندام پێشنیاز بکات، ئەرێ ئەو دیکتاتۆریەتە لەکوێوە سەرچاوە دەگرێت، ئەو شێوازی پێشنیازکردنی ئەندامە راستەوخۆ لە ئەنجومەنی باڵای راگەیاندنی فەرەنسییەوە وەرگیراوە، لەوانەیە بۆ وڵاتێکی وەك فەرنسا پێشنیازکردنی هەر (9)ئەندامەکە بەو میکانزیمە ئاسایی بێت، چونکە لەوێدا پێشنیازی ئەو سێ دەسەڵاتە، مەرج نییە، سەپاندن بێت، بەڵام لەکوردستان ئەو سێ دەسەڵاتە پێشنیاز ناکەن، تەنها بڕیاردەدەن، هەموو بڕیاردانێکیش یەکسانە بە سەپاندن. هەرچی پەیوەندی بە خاڵی(1)وە هەبێت هیچ پێویست ناکات دامەزراندنی ئەو ئەندامانە بەراگەیەنراوی فەرمی لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە دابمەزرێن. خاڵەکانی(6-7)یش پێویستە لابرێن چونکە وابەستراوی خاڵەکانی(1-4)ن . سەبارەت بەخاڵی(5)و بڕگەی(ج)، "سەرنووسەرانی چاپەمەنییەکانی هەرێم" دەبێت بکرێت "بەبرپرسانی یەکەمی کەناڵەکانی راگەیاندن"، لەبەرئەوەی راگەیاندن تەنها چاپەمەنی ناگرێتەوە.

لەمادەی چوارەمی پڕۆژەکەدا میکانیزمەکانی کارکردنی ئەنجومەن خراوەتەڕوو، کەچاکتر وایە ئەو میکانیزمانە لە دانیشتنی یەکەمی ئەنجومەن دیاری بکرێت، سەبارەت بەخاڵی(5)لەمادەی چوارەمدا، هیچ پێویست ناکات کۆبوونوەکانی ئەنجومەنی باڵای راگەیاندن لە کۆشکی ئەنجومەنی وەزیران بکرێت.

خاڵی(3)لە مادەی شەشەمدا، تەمەنی ئەندامانی ئەنجومەنی باڵای راگەیاندن لە (35)ساڵییەوە بکرێت بە (20-25)ساڵ، چونکە بەدەر لەوەی بەو شێوەیە دەرفەت بۆ گەنجان دەرەخسێنرێت، زۆربەی رۆژنامەنووسەکانی ئەو وڵاتە لە توێژی گەنجانن.

مادەی حەوتەمی بەشی سێیەم "هەموو هاوڵاتیەکی نیشتەجێی هەرێمی کوردستان"، بکرێت بە"هەموو هاوڵاتیەك"،لەمادەی هەشتەمی هەمان بەشدا بەرژەوەندی نەتەوەیی لابرێت، چونکە مەترسیدارە، لەمادەی نۆیەمی هەمان بەشدا ، "بەرپرسی لاپەڕە، رۆژنامەنووس"، لابرێت، چونکە دادگا مامەڵە لەگەڵ سەرنووسەرو خاوەن ئیمتیاز دەکات.

مادەی یازدەهەمی بەشی چوارەم پێویست ناکات و دەبێت هەڵبگیرێت، لە مادەی دوازدەدا"تەنها دادگا دەتوانێت بۆ ماوەی دوو مانگ بەشێوەی کاتی بۆ راگرتنی بڕیار بدات و دەبێ دۆسیەکەی لەو ماوەیەدا بێنۆرە گرتن تاوتوێ بکات"، پێویستە هەڵبگیرێت، چونکە دادگا خۆی ئیشی خۆی دەکات، تەنها ئەوەندە بەسە بگوترێت"دادگا لێپێچینەوەو سزا دیاری دەکات"، بڕگەی(1)لەمادەی پازدەدا"سیاسی" بۆ زیاد بکرێت، بڕگەی(3)ی مادەکە، تلیاکیشی بۆ زیاد بکرێت، لە بڕگەی(4) "شوێنی گشتی" لابرێت، بڕگەی(5)هیچ مانایەکی نییەو دەبێت بەتەواوی هەڵبگیرێت، چونکە بەتەواوی سنوربەندی ئازادی راگەیاندن دەکات، یان دەبێت ئەوە روون بکرێت، مەبەست لە "نەخشەی کوردستان" چییە، ئایا نەخشەی جوگرافی گەرەکە،

یان مانای پلانی ئەمنی و ئەو بابەتانە دەدات، کە لە هەردوو بارەکەدا بڕگەیەکی ئاڵۆزو تەلخە، بڕگەکانی(6-7) کاری دادگاو داواکاری گشتییە پێویستە هەڵبگیرێن، هیچ پەیوەندییەکیشیان بەو بەشەوە نییە کە تیایدا جێکراونەتەوە، چونکە ئەو بەشە تەرخان کراوە بۆ سنوری چاپەمەنییەکان و قەدەغەکراوەکان، نەك دادگاو داواکاری گشتی. بڕگەی (9)ئەگەر لەگەل بڕگەی(5) تێکەڵ بکرێت، شتێك بەدەستەوە دەدات، بەڵام باشترێکە هەڵبگیرێت، چونکە بڕگەیەکی زۆر گشتگیرەو زیان بە ئازادی رۆژنامەنووسی دەگەیەنێت، بڕگەی(10) دووبارە زۆر گشتگیرەو دەبێت سەرلەنوێ دابڕێژرێتەوە"بڵاوکردنەوەی نائاشکرای پەرلەمان و گفتوگۆی نائاشکرای دادگایی کردنی دادگاکان یان توێژینەوەی سەرچاوەکانی پۆلیسی و دادگایی"، ئەو بڕگەیە لەرووی زمانەوانییەوە چەند کلۆڵە لەرووی ماناوە هەزار ئەوەندە، نیوەی ئیشی رۆژنامەنووسی لەسەر ئەو خۆراکە دەژی، کە ئەو بڕگەیە قەدەغەی دەکات. لە بڕگەی(11)دا، "نهێنی کەسان"، دەبێت بکرێت بە"تایبەتمەندێتی کەسێتی"، بڕگەی(12) ئیشی ئەنجومەنی باڵاێ هەڵبژاردنەکانە، نەك ئەنجومەنی باڵای راگەیاندن، ئەوە ئەنجومەنی هەڵبژاردنەکانە پڕوپاگەندەی هەڵبژاردنەکان قەدەغەدەکات، نەك ئەنجومەنی باڵای راگەیاندن، بڕگەی(13) دەکرێت بگۆڕدرێت بە مەترسی دروست کردن بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی بەڵام کاتێك کە پێناسەیەکمان هەبێت بۆ ئاسایشی نەتەوەیی، بڕگەی (14) ئەگەر بڕیاری لەسەر بدرێت بەدەستخستنی هەموو بەلگەیەکی فەرمی قەدەغە دەکات لە رۆژنامەنووسان، لەبەرئەوە دەبێت رەش بکرێتەوە، بڕگەی(15) هیچ پەیوەندییەکی بە سنوری چاپەمەنییەکان و قەدەغەکراوەکانەوە نییەو تەنها شتێکە پڕۆژەکە بە حەڵاڵی دەزانێت!

لەمادەی شازدەمدا دەبێت بردنی بۆ دەرەوەی کوردستان لابرێت چونکە ئەو یاسایە تەنها تەحەکوم بەسەر هەرێمی کوردستانەوە دەکات و لەدەرەوەی کوردستان یاساگەلی دیکە هەن، بڕگەی(3)لەمادەی هەژدەمدا هیچ مانایەك نادات، "بڵاوکردنەوەی هەر بڵاوکراوەیەك کە لەگەڵ بڵاوکراوەی هەبوو یان بڵاوکراوانەی"، ئەم هەموو دووبارەکردنەوە بەبێ ئەوەی هیچ مانایەك بدات چ دەگەنێت، دەبێت سەرلەنوێ دابڕێژرێتەوە لەلایەن ئامادەکارانی پڕۆیژەکەوە، چونکە هیچ کەسێك نازانێت چ مەبەستێك لە پشیت ئەو زاراوانەوە هەیە تەنها خۆیان نەبن، بڕگەی(4) لەمادەی هەژدەمدا پێویست ناکات ناونیشانی دەزگا یان دائیرەو کۆمپانیا و تیراژ و نرخ و چاپخانە لەسەر بڵاوکراوەکان بێت، بڕگەی(5)کاری ئەنجومەن نییە، دادگا بڕیاری لەسەر دەدات.

مادەی نۆزدەم لەبەشی شەشەمدا پێویستە"لەدەرەوەی هەرێم"لابرێت، یاساکانی لە هەرێم دەردەچن، تەنها لە سنوری هەرێمدا کاریان پێدەکرێت، نەك لەدەرەوەی هەرێمدا، مادەی بیستەم ، بڕگەیەك زیاد بکرێت بۆ کەسی مەعنەوی بۆ بوون بە خاوەن ئیمتیاز، بڕگەی(3) کە هاتووە تەمەنی(تەمەنی خاوەن ئیمتیاز) لە 25 ساڵ کەمتر نەبێت، ئەمە گونجاو نییە، لەکاتێکدا چەندین ۆژنامە هەن تایبەتن بە گەنجان، لەبەرئەوە باشترە تەمەنی 18 ساڵی دیاری بکرێت، بەشی یەکەمی بڕگەی(4) کە هاتووە"خاوەنی ناو وناتۆرەی خراپ و گزیکار نەبێت"، هەڵبگیرێت، بەشی دووەمیشی پێویستی بە دەستکاری هەیە، بەگوێرەی بڕگەی(5)ی مادەی بیستەم، بڕی یەك ملیۆن دینار بۆ رۆژنامەی رۆژانە، حەوت سەدو پەنجا هەزار دینار بۆ هەفتانە، نیو ملیۆن دینار بۆ مانگانە، دوو سەدو پەنجا هەزار دینار بۆ دوو هەفتە جارێك، دەخرێتە سەر کۆنتۆی ئەنجومەنی باڵای راگەیاندن، لەو بڕگەیەدا کات دیاری نەکراوە، تا بزانین تەنها لەکاتی مۆڵەت وەرگرتندا یان ساڵانە یان مانگانە ئەو بڕە پارەیەیان دەوێت، بەڵام تەواوی ئەو بڕگەیە دەبێت هەڵبگیرێت، چۆن دەکرێت ئەو بڕە پارەیە، لەکەناڵەکانی راگەیاندن لە کوردستان وەربگریت و داوای ئازادی راگەیاندن بکەین، کە یەکێك لە هۆکارەکانی ئازاد نەبوون ، نەبوونی پارەیە، بڕگەی (6) باشترە ئەگەر بکرێت بە پێنج ساڵ، خاڵەکانی(5 – 6-7-10)، کەم و زۆر پەیوەندیان بەو مەرجانەوە نییە کە دەبێت لە خاوەن ئیمتیازدا هەبێت، لەبەرئەوەی مادەی بیستەم تایبەت کراوە بەو مەرجانەی کە پێویستە لە خاوەن ئیمتیازدا هەبێت، نابێت ئەو خاڵانە لەو مادەیەدا هەر بمێنن، بڕگەی(10) دەبێت هەڵبوەشێنرێتەوە، پێویست ناکات مۆڵەت لە وەزارەتی رۆشنبیرییەوە وەربگیرێت، مادەی بیست و یەك پەیوەندی بە مۆڵەتەوە هەیە کە ئێمە رەتی دەکەینەوە، لەبەرئەوە دەبێت لابرێت، لە مادەی بیست و دوودا دەستەواژەی"هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەتەکەی و داخستنی نووسینگەکەی"،

بڕیارێکی دیکتاتۆرانەو کاری ئەنجومەنیش نییە، تێکڕای مادەکانی بیست و سێ و بیست و چوارو بیست و پێنج و بیست و شەش و بیست و حەوت، دەبێت لابرێن، بەتایبەت مادەکانی بیست و پێنج و بیست و شەش و بیست و حەوت کە مەنتقی نین و هیچ پەیوەندییەکیان بەو بەشەوە نییە کە تیایدا جێکراونەتەوە، مادەی بیست و شەشەم داوای ئەوە دەکات کە دەفتەری حیساباتی رۆژنامەکە بۆ وەزارەتی دارایی رەوانە بکرێت، وەك ئەوەی کەناڵەکانی راگەیاندن بەشێك بن لە دەسەڵات و حکومەت تا خەرجییەکانی خۆیان رەوانە بکەن، مادەی بیست و حەوتەمیش ئەوە ئەرکی چاپخانە نییە هەر ژمارەیەکی بڵاوکراوەکان بۆ ئەرشیفی وەزارەت بنێرێت.

بەشی حەوتەمی پرۆژەکە(دەزگای رۆشنبیری و راگەیاندن)، ئەوە هەر خۆی پرۆژەیەکی سەربەخۆیە لە ناو پرۆژە یاسای راگەیاندندا جێگەی نابێتەوە، چۆن دەکرێت دەزگایەك و پرۆژە یاسای چاپەمەنییەکان بەیەکەوە کۆبکەیتەوە، لەو بەشەدا کە مادەکانی بیست و هەشت تا سی دەگرێتەوە، پێویستە تێکڕای هەڵبوەشێنرێتەوە چونکە نە لەگەڵ پرۆژەکە دەگونجێت و نە مۆڵەت وەرگتنەکەشمان قبوڵ کردووە.

مادەی سی و یەك لە بەشی هەشتەمدا پێویستە بەو شێوەیە بنووسرێتەوە"تاوانە رۆژنامەنووسییەکان هەموو ئەو تاوانانە دەگرێتەوە کە لەگەڵ قەدەغەکراوەکانی ئەو یاسایەدا ناگونجێت"، لە مادەی سی و چواردا"بڕیارەکانی"هەڵەیە ، دەبێت بکرێت بە"حوکمەکانی"، مادەی سی و هەشت پێویستە ئەوەی بۆ زیاد بکرێت"ئازادە لە دادگاش نەیدرکێنێ و بەرپرسیارێتی یاسایی لە ئەستۆ بگرێت"، بەشی دووەمی مادەی سی و نۆ"بەمەرجی رەخنەکان لەسەر بنەمای شێواندنی راستییەکان نەبێ"، دەبێت هەڵبگیرێت.

بەشی یازدەمی پرۆژەکە تەرخان کراوە، بۆ یاسای رادیۆو تەلەفزیۆن لە کوردستان، دەبێت بەو شێوەیە بنووسرێت"یاسای ئێزگەو رادیۆ لەهەرێمی کوردستاندا"، لەمادەی چل و حەوتدا "دانیشتووی کوردستان"، بکرێت بە"دانیشتووی هەرێمی کوردستان"، خاڵی(ا) لە هەمان مادەدا لە(25)ساڵییەوە بکرێت بە(18)ساڵ، خاڵی(ج) هەڵەیە، دەبێت بەو شێوەیە بێت"ئەندام نەبێت لە رێکخراوێکی توندڕەو"، دەکرێت هەر کەسێك رۆژێك لە رۆژان ئەندامی رێکخراوێکی توندڕەو بوو بێت، بەڵام لە ئێستادا دژایەتی ئەو هەڵوێستانە بکات، لەبەرئەوە دەبێت بۆ ئێستا بێت، خاڵی(د) پێویستە بەو شێوەیە دابڕێژرێتەوە"زمانی سەرەکی دەزگاکە بەنووسین و خوێندنەوە بزانێت"، مادەی چل و هەشت دووبارەبووەوەی مادەی چل و حەوتەو دەبێت لابرێت، مادەی چل و نۆ قەدەغەی دەکات، کەناڵی تەلەفزیۆن یان رادیۆ ناوی حزب هەڵگرێت، ئەمە بەتەواوی هەڵەیە، دەبێت لابرێت، لە کوردستان زۆربەی زۆری کەناڵەکان ئەگەر ناوی ئەو حزبانە هەڵنەگرن، دڵنیام نامێنن، پاشان بۆ دەبێت حزب کەناڵی راگەیاندنی نەبێت، مادەی پەنجا، بڕگەی(1)دەبێت ئاماژە بە وەزارەتی گەیاندن بدرێت نەك رۆشنبیری، یاخود دەکرێت بنووسرێت"وەزارەتە پەیوەندیدارەکان"، بڕگەی(3) دووبارەبووەوەی بڕگەی(2)ە، دەکرێت تێکەڵ بکرێن لە بڕگەیەکدا، دواتر گونجاو نییە مۆڵەت بۆ(3) ساڵ بێت، ئەو ماوەیە کەمە، باشترە بکرێت بە(5-6) ساڵ، تەواوی بڕگەکانی مادەی پەنجاو یەك لە(1-9) دیسانەوە دووبارەبووەوەی مادەی بیست و مادەی چل و حەوتە، تەنها ئەوە نەبێت هەڵەیەك لە بڕگەی(5)دا کراوە، کە بڕی ئەو پارەیەی لە دامەزراندنی کەناڵی سەتەلایت دەدرێت کەمترە لە کەناڵێکی ناوخۆیی، ئێمە لەمادەی بیستی پرۆژەکەدا ئەوەمان رەت کردەوە کە پارە لە کەناڵەکانی راگەیاندن وەربگیرێت، ئەمە بەر لەوەی مەترسی دروست نەبوونی راگەیاندنی ئازادی لێدەکەوێتەوە، گرفتێکی دیکەش هەیە، ئەویش ئەوەیە کە باوەڕ ناکرێت لە ئێستای کوردستاندا کەناڵە حزبییە باڵادەستەکان ئو پارەیە بدەن، کەواتە تەنها بەسەر کەناڵە ئازادەکاندا دەسپێنرێت، بڕگەی (1)لەمادەی پەنجاو دوو ئەگەر بۆ نوکتە نووسرابێت، ئەگەرنا پەخشی کەناڵەکان یان بۆ بەشێکی ناوچەکانە، یاخود تەواوی هەرێم دەگرێتەوە، ئەو بڕگەیە تایبەتمەندی سەتەلایت و رۆژنامەی ئەلیکترۆنی لەبەرچاو ناگرێت کە بۆ هەموو جیهان پەخش دەکرێت، بڕگەی(2)، هەڵەیە، چۆن دەکرێت کەناڵێك ناچار بکەیت بەرنامەی جیا جیا پێشکەش بکات، لەکاتێکدا کەناڵی تایبەتمەند هەیە، بڕگەی(4)، لەگەڵ ئازادی راگەیاندندا یەك ناگرێتەوە، ناکرێت کەناڵەکان ناچار بکرێن کە زانیارییە گرنگەکانی حکومەت بۆ خەڵك بڵاوبکەنەوە بەبێ بەرامبەریش! ئەگەر ئەوە کارێکی مرۆیش بێت کەس ناچار

ناکرێت کە ئەو کارانە بکات، خەڵك ئازادە لەوەی ئەوە دەکات یان نا، لەبڕگەی(1) لەمادەی پەنجاو سێ "سیاسی" بۆ زیاد بکرێت، بڕگەی(3)، "تلیك"ی بۆ زیاد بکرێت، بڕگەکانی(5-16) لەمادەی پەنجاو سێدا، دووبارەبووەوەی بڕگەکانی(5-16)ی مادەی پازدەیە، لەشوێنی خۆیدا، قسەمان لەسەر کردووە، مادەی پەنجاو چوار دەکرێت بەو شێوەیە کورت بکرێتەوە"هەر بەرنامەیەك کە ناشێت منداڵ ببینێت، بەر لە پەخش کردنی دەبێت بینەرانی لێ ئاگادار بکرێتەوە"، مادەی پەنجاو پێنج مەنتقی نییەو دەگەڕێتەوە بۆ کەناڵی راگەیاندنەکە، مادەی پەنجاو شەش دەبێت هەڵبگیرێت چونکە پەیوەندی هەیە بە کەناڵەکان خۆیانەوە، ناکرێت پێیان بگوترێت بەو شێوەیە ریکلام بکەو بەو شێوەیە مەیکە، مادەی پەنجاو حەوت پەیوەندی هەیە بە میساقی شەرەفەوە یان میساقی کاری کەناڵەکە، بابەتێکی ئەخلاقییە، کەسەکان دیاری دەکەن، نابێت یاسا رێگری بکات، ئەو کەسە ریکلام بکات و ئەو نەیکات، لەبەرئەوە دەبێت لابرێت، بڕگەکانی(1-4)ی مادەی پەنجاو نۆ دەبێت هەڵبگیرێت، کەناڵەکان ئازادن لەریکلام کردن، هەر کاتێك ریکلام دەکەن پەیوەندی بە بەرنامەکانی خۆیانەوە هەیە، پاشان کەناڵ هەیە تەنها بۆ ریکلام کردن دامەزراوە، چۆن دەکرێت مەرج بۆ ریکلام دیاری بکەیت، مادەی شەست و دوو هەڵەیە، چونکە ئەنجومەن ناتوانێت چاودێری کارو بەرهەمەکانی رادیۆو تەلەفزیۆن بکات، پێش پەخش کردنی بەرنامەیەك چۆن دەتوانین چاودێری بکەیت، مادەی شەست و سێ دەستێوەردانە لەکاروباری داواکاری گشتی و ئەرکی ئەنجومەن نییە، مادەی شەست و چوار دەبێت بگوازرێتەوە بۆ مادەی شەست و پێنج و ببێت بەیەکێك لەبڕگەکانی ئەو مادەیە، بڕگەی (3)لە مادەی شەست و پێنجدا مەترسی گەورەی هەیە بۆ سەر کەناڵە ئازادەکان، لەبەرئەوەی لە کوردستان دەسەڵاتێکی دادپەروەرانە بوونی نییە، لەبەرئەوە دەبێت لابرێت.

بەشی دوازەدەمی پڕۆژەکە تایبەت کراوە بەبڵاوکراوەی ئەلیکترۆنی و تەنها بە دوو مادە باسی لێوەکراوە، ئەو بەشە دەبێت فراوان تر بکرێت، لە مادەی شەست و شەشدا هاتووە کە یاسای راگەیاندن لەمیدیای ئەلیکترۆنی پەیرەو دەکرێت، ئاخر چۆن چاودێری میدیای ئەلیکترۆنی دەکرێت، چۆن کۆنترۆڵ دەکرێت، ئەلف و بێی میدیای ئەلیکترۆنی بەو یاسای راگەیاندنە پەیرەو ناکرێت، مادەی شەست و حەوتیش مادەیەکە بۆ هەر کەسێك ئەلف و بێی میدیای ئەلیکترۆنی شارەزا بێت لەوە تێدەگات، ئەو مادەیە چەندە پێکەنیناوییە، مادەکە بەو شێوەیەیە"بۆ پاراستنی سیستەمی گشتی و بەرژەوەندی نەتەوەیی، دەبێت ئازادی منداڵ و مێردمنداڵان لە میدیای ئەلیکترۆنی بەپێی ئەم یاسایە سنوردار بکرێت"، ئاخر چ هێزێك هەیە بتوانێت سنورداری میدیای ئەلیکترۆنی بکات، تا ئەو پڕۆژە یاسای راگەیاندنە بتوانێت سنورداری بکات، ئینتەرنێت و مۆبایل چۆن کۆنترۆڵ دەکرێن، ئەمە دەبێت ئامادەکارانی ئەو پڕۆژەیە وەڵامی بدەنەوە.

هەڵەو کەم و کوڕییەکانی ئەو پڕۆژەیە، هەر ئەوەندەنین کە لەو بابەتەدا دەیانخوێنیتەوە، وەك رۆژنامەنووسێك لەتوانامدا بوو ئەوەندە هەڵیە راست بکەمەوە، هیوادارم کەسانی شارەزاو پسپۆڕ بەو کارە هەستن، بۆ ئەوەی بەخستنەڕووی هەموو سەرنج و تێبینییەکان بتوانرێت یاسایەکی سەرکەوتوو بۆ راگەیاندن لە کوردستان دابڕێژرێت، هەوڵی ئەو مامۆستایانەش کە ئەو پڕۆژەیەیان ئامادەکردووە کەم بایەخ تەماشا ناکرێت، سەرەڕای هەموو تێبینییەکانیش، بەتایبەت کاتێك دەبینین ئەوە بۆ جاری یەکەمە پڕۆژە یاسایەك بۆ دامەزراندنی ئەنجومەنی باڵای راگەیاندن لەهەرێمی کوردستان ئامادە دەکرێت، جگەلەوەش جیاوازی ئەو پڕۆژەیە لەگەڵ پڕۆژەکەی سەندیکای رۆژنامەنووسان"پڕۆژە یاسای کاری رۆژنامەنووسی لە کوردستان"، زۆرەو ئەوەی سەندیکا چڕکراوەتەوە لەسەر لایەنی راگەیاندنی نووسراو، بەڵام لێرەدا راگەیاندنی بینراو – بیستراو فەرامۆش نەکراوەو ئەنجومەنی باڵای راگەیاندنیش دووبارە پڕۆژەیەکی تازەیە.

لەباس کردنی پڕۆژە یاسای راگەیاندن لەهەرێمی کوردستاندا بەر لە هەر شتێك پێویستە ئەوە لەبەرچاو بگرین کە ئەنجومەنی باڵای راگەیاندن جیاوازە لە یاسای راگەیاندن، یەکەمیان دامەزراوەیەکەو دوومیان رێکخستن و دیاری کردنی رێوشوێنی راگەیاندن لەئەستۆ دەگرێت، لەبەرئەوە دەبێت ئەو پڕۆژەیە، لانی کەم وەك دوو پڕۆژەی سەربەخۆو جیاواز تەماشا بکرێت.